**سەرگورشتەی خاتوو سارای هاوسەری حەزرەتی ئیبراهیم !!**

یان

بە عەقڵی نە فامەکان.، سەرکردە داتاشین،

(ئەو پەچە و رووبەند و چارشێوەی

نەدیووە نەنکی تۆ

ئەو شڕ وشاڵاتە !!دیاری

دوژمنی دڵ چڵکنە "١")

-------------------

گفتی بێ بنەما و دژارەکان .

---------------------------

لە ئەستۆی پیاوانی بسوین،

یان جارە جارە خانمانی پێ گوناح بار بکەین،

بەم کارە دڵ پیسی دەسەڵات و یاسا و شەریعەت بشارینەوە،

مێژووی بیر ودەوڵەت ویاسا لەبیر خەڵکی بەرینەوە،

دەسەڵات و هەلپەرستان،

بەم کردەوەیە کۆمەڵ ئاکام لەت لەت بکەن،

لەسەربانی عەمار دواکات،

بە ئیشارە ورمووز حوکمی گەل بکەن .

--------------

بە پێشەکی خنجیلە لە سەر گورشتەی "میتالوژیای **mythologie**"حەوا و ئادەم وە دەست پێبکەین.

سەرگورشتەی **mythologie** دادە حەوا و بابە ئادەم .

گریمان میتۆلۆژی دادە حەوا و بابە ئادەم راستە، لە کاتێکدا چەند هەزار ساڵێک پێسوو تر نوسراوە، لە میتۆلۆژیای گەلگامێشدا هەمان میتولۆژی لە سۆمەر و شاری ئورەوە وەرگیراوە و کۆپی کراوە، کێ دەزانی وان لە کێوە کۆپی یان کردووە .بە نوسراوی خەتی "مێکوتە "ی تا لە شارستانی سۆمەرەوە هامان میتۆلۆژیا مان نوسیوە، لەوەوپێش چ کەس نازانی لە کوێ وەریان گرتووە .مئیۆلۆژیای گەلگامێش بۆ زوربەی خەڵکانی سەردەمی خۆی میتۆلۆژیای دەوری ئاگر و کۆرووکۆبوونەوەیان بووە .لە سەر ئاجیل بە نوسراوی خەتی مێکووتەی (خط بسماری) بە ناوی (ئاناپشتیما)، نوسراونەتەوە، دواکات لە سەدەی نۆزدەمەمدا لە شاری نەینەوا لە کتێبخانەکەی پاشا ئاشور پانی پاڵد دۆزراونەتەوە .

دەسەڵات !!لە دادە حەوا و باپیرە ئادەمەوە دژایەتی نیوان خانمان وپیاوانی بە دەستور و شەریعەت کردوویەتی .دەوری پیاوان هەمیشە مەزن بووە و بەتایبەتی لە میتۆلۆژیا ئاینیەکاندا خانمان هە میشە رۆڵی لاوەکی دوژمنی هەبووە .

(ئاین پەروەردە و دەسەڵاتە)، بەرداش وجەنجەری دەوڵەتییان هەمیشە بۆ درێژە پێدانی دژایەتی نێوانیان، تیژ وچەورکردۆتەوە ودەیکەنەوە .

باش دەیزانین، چاوزەقەی شەهوانی وگیرفانی بێ بنی پیاوان بەیاسا وشەریعەتی ئاینی داکۆکی لێدەکرێن . هەروەها شەریعەتی ئاینی کرۆکی دەستوری دەوڵەتە ..

بۆ پشت راستکردنەوەی گفتەکانم، میتۆلۆژیای حەزرەتی ئبراهیم و سارای هاوسەری، لەگەڵ کچە کارەکەرەکەی نێو ماڵییان بە ناوی خانم "ئەگات"تان بۆ بگێرمەوە یان باشتر بێژم، بە بێ دەسکاری بۆتان بنوسمەوەەوە .

حەزرەتی ئیبراهیم وساراخان کەیفییان لەکور بوو؟، فرە بەحەسرەتەوە بوون کوریان ببێت،، بەداخەوە هەر کوریان نە دەبوو.وەچەی بنەماڵەیان بێ کور کوێر دەبۆوە .سەرکردە وپێغەمبەرایەتی بێ بنەماڵە و بێ ئاین بڵقی سەرئاو دەبێت .

زۆر کەس هێژێت، نا حەزرەتی براهیم منالّیان نەدەبوو، بە گوێرەی خوێندنەوەکانم کوریان نەدەبوو، چوونکە لە ئاینی براهیمدا خانمان ناقیسی عقوولن و بە کورێکی کامیل ئاژمار ناکرێن و ناتوانن جێنشینی بنەماڵە نین .

بنەماڵە پێویست دەکات لەپەنا مەلا، زاهید و شێخدا بریاربدا، خانمان بەدەستور و شەریعەت جنسی دوو هەمبن .

سارا خاتوون و بلەسەریان بۆ کورێک لێ هاتبۆوە یەک، کۆستیان کەوتبوو ئعتیباریان لە نێو شاری نەزارێتدا ببووە سفری دوای فاریزە .

حەزرەتی ئەبراهم لە شاری نەزارێت، شەرمی لە نێو خەڵکیدا بە خۆی دەهات، چۆن کوری نییە، ئەی سبەی کێ جێنیشینی ماڵ ومڵک وڵاتی بێت، کێ پێغەمبەر )سەرکردە(ی وڵات بێت، ئەی کێ شاسواری شوێنە بەرزەکان بێت .

خەفەت بار بوو، ژیانی لێ تاڵ ببوو .خاتوو سارای هەوسەری بەو رۆژگارە دڵ نەوای ئەدایەوە، ئەی گووت :

خوا گەورەیە، خوا کڵاوی بۆ بەروکردووە .هەموو رۆژ بە دوای چارەسەرێکەوە عەوداڵ بوون .

نا چار بۆ ئەوەی کوریان ببێت، خاتوو سارا ئامەدەبوو براهیمی هاوسەری لە گەڵ کارەکەرەکەیان جووت بێت،بۆی کرا بە یارمەتی یەزدان بیکاتە دوو گیان .

ئەگێری خزمەتکاریان، جوانترین کەنیزەکی ناوچەکە بوو، کاتی خۆی فەرعەونی میسر کاتی خۆی بە دیاری بە حەزرەتی ئیبراهیم دابوو .ئەوەندە جوان بوو، جوانییەکەی ناوی دەرکرد بوو .

بەڵکە ئەگاتی کەنیزەکیان کۆرپە کورێکییان بۆ بێتە ماڵەکەیانەوە .

ئەوە بوو، زۆری نەبرد حەزرەتی براهیم، لە ژێر تیللە چاوی پڕ بەغالەتی خاتوو سارای هاوسەریدا،

خاتوو ئەگات"ی دووگیان کرد ..

دڵییان ئاوی خواردەوە وچرای خۆشی کورهاتن ماڵییانی رووناک کردەوە .خوا نەیبرێت، حەوت رۆژ وشەو شای و لۆغان بوو .شوکرانە !!کور بوو کچ نەبوو .

شاری نەزارێت دڵ خۆش بوون، ئیبراهیم گەر کۆچی دوای بکات، شار و وڵات بێ پاشا نامێنەوە .

"خودا"ی ئەوسەردەمە !منالێکی پێ بەخشین بە کوردی سمە و بەعەرەبیان بە (حەزرەتی ئیسماعیل) بانگییان بەگوێچکەیدادا .هەرئەو رۆژە سونەتیانکرد، شای خەتەنە سورەیان بۆ گێرا .

رۆژگار و مانگ وساڵ تێپەری، خاڵە براهیم خودی هاوسەرە "شەرعێکەی "خۆی سارا خانمی دوو گیانکرد .پاش نۆمانگ و نۆرۆژ منال لەدایک بوو .شوکور هەمدیسانەوە کور بوو، خێر بوو، رۆشنکەرەوەی ماڵ بوو .

کور لەدایک بوو هاتە دنیای وشک و روناکەوە .بە) :ئیسحاق، (Isaacبانگیان بەگوێچکەیدا کرد .(لە رۆژی لەدایک بوونێوە، بە بابی جوو هاتە دنیاوە .

ئێستا کورێکی نازدار و نیووەبەبرایەکی حەرام و دوودایک، دایکێکی ئەسڵی وکچەتیوێکی کارەکەری داوێن پیس لەماڵەکە یاندا .

(ئەگات)ی کەنیزەکی بێ کەس پاش چی ئاوێنەکەیان دایە دەستی(، یەکێکییان کوری خێزان و بنەماڵەیە ) بنەماڵەی حەزرەتی ئیبراهیم(وئەوی تریان حەرامزادەیە، کوری ناشەرعی کارەکەرێکی ماڵانە).

لەورۆژە بەدواوە، (سارا)خانم، چرکە لەدوای چرکە، فرەتر چاوی بە خاتوو ئەگاتی کارەکەردا وهەتیوەکەی سماعیلە زۆڵدا هەڵنەدەهات .

زۆری لە براهمی هاوسەری ئەکرد،

-ئەمە کەی حاڵە :کچەتیوێک ومناڵێکی ناشەرعی بەم رۆژگارە ئازاری دەرونیم بدەن .

-تا زووە دەبێت وەدەریانێت ولەماڵەکەدا چارەیان نەبینم .

براهیمی مێردی، بەئەمری سیستەمی خێزانی ئەو سەردەمە، هاوکات لە خێزانی پێغەمەراندا :بەسیستەمی ئیلاهی شەریعەی، .لە کیتابی ئاسمانی پەیمانەکانی پێشودا نوسراوە :

هەردووکیانی بەرەڵای بیابانی دوورگەی عەرەبستان کردن

براهێم دایک و کور ئەخاتە بان پشتی گوێدرێژێکی پا شەل، وەبەر چاوی خەڵکی شاری نەزارێتی فەلەسینەوە، بەرەو بیابان شاربەدەریان دەکات .پاش رۆشتنیان، بەدبەختانە بە دەرون پرحەسرەتەوە، ئاگات خانم وسمەی کوری وگوێدرێژ کوێرەوەری زۆریان بینی، توینیەتی و برسێتی وگەرمای بیابان دەرفەتی نەدان و لەمردن نزیکی خستنەوە .

خواگیان نەبووایە لە بێ ئاوی وتینۆێدا وشک دەبوونەوە وئەمردن .

خوای پەروەدەگار لە غەیبەوە، "خێری زیندە "ی بۆناردن، کانییەکی روونی سازگاری بۆ خستنەسەر رێگایان، پاش ماوەیەکی زۆر ناوی کانی ئاوی زەم زەم یان لێنا .

هەنووکە عەربی سعودی بە مسقاڵ پێمان دەفرۆشێتەوە .

گووایە بۆ ژانە قەلب خاسە .

ناحەقتان ناگرم :

پەچە و لەچک بەستن، شاردنەوەی قژوو روو نییە، بگرە شاردنەوەی ماهییەتی دەسەڵاتە، شاردنەوی کۆمەڵ لەت و پەتکردن و خەڵکی بێ ئاگا گەوجاندنە .ئاسانە !!وەک ئەوەی ماڵێک لە ناو دارستانێکی گەورەدا بێت .

بەماڵەکە دارستانەکەمان لێ بشارنەوە .

خۆتان باش ئەزانن ئەمکارە !!زەرەری نابێت نە بۆدەوڵەت، نە بۆئاین، نە بۆ پەزەکان .

ئەی ماهیەتی شەریعەتی ئیسلامی، دەستوری دەوڵەتی نییە؟

ئەی بەشەریعەت و ئاین، کە کرۆکی یاسایی دەوڵەتییە، لە میراتدا دوو خانم بەرابەری پیاوێک نییە؟ .

ئەی دەستوور وشەریعەت، چوار ژنی لە پیاوێک حەڵاڵ نەکردووە؟ .مەرجی بۆ حەڵاڵ و حەرام داناوە، بەڵام مەرجی دانەنایە، کەمتر تەنگەشەی درووست دەکرد(ئەی لە میراتدا (دایکانی لە سێ بەش و حەوت بەش، بەپێی بوونی کچ وکوور بێ بەش نەکردووە؟

هەمووکار وکاردانەوەیەک بەیاسا، لەسیستەمی داخراو یان سیستەمی کراوەدا ئەنجام ئەدرێت .

هەزار رەحمەت لەقەبرت حەمدی بەگی ساحێب قران بۆ خۆتان وگفتو وەڵامتان :

وەک تریشقە ئاگر ئەگرن هەوری رەحمەت ناگرن .

ئەژدەها دەگرن بەقەد دێوێک وعیبرەت ناگرن .

من لەداخی میللەتی کورد لەت لەتە جەرگ ودڵم .

سەر ئەگرن بۆ کوتەک داوێنی دەوڵەت ناگرن .

-----------------------------------.

١(مامۆستا هێمنی مەکریانی .

٢ (نازانم کامییان بوو، وەلێ بەهەر بارێکدا ئەودەمە خودا مۆنۆیییزم بوو .جووکان هێژن :خوای ئێمە بوو، وەلێ چ نوسراوێک ساخی ناکاتەوە، جگە لە تەورات وقورعان نەبێت .بە پێی نوسراوی دەرەوەی ئەم دوو ئاینە ئاینیتری مۆنۆتییزمی کیتابی تر زۆر بوون .بەڵام خۆتان باش ئەزانن شمشێر و ئیسلام هەمووی مەحف کروونەتەوە ٣ (نوسینی ئەم نوسراوەی بەردەستان زۆربەی لە کیتابی پەیمانی یەکەم و قورعانەوە ئیلهام کراوە .

٤ (تابلۆکەی نمایشمکردووە، بە فەرەنسێ لەسەری نوسراوە :

براهیم خاتوو ئەگات دەرئەکات .

گەر تێبینی بکەن سارا خانم باش پۆشتەو پەرداخەو هەموو گیانی داپۆشراوە بە پێچەوانەی ئەگاتەوە، شان وملل روت و فرمێسک پر چاوان .

oooooooooooooooooooooooooooooooooooooooo

خۆشناو مەریوانی

khoshnaw Meriwany

پاریس، ژانویەی ٢٠١٦ی زایینی

